**راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە بۆنەی:**

# 8ی مارس رۆژی جیهانی ژن

بزووتنەوەی ژنان بۆ رزگاری و لە دژی دۆخی پیاوەزنی زاڵ، رۆژ لەگەڵ رۆژ پانتاییەکی زیاتر دادەگرێ. بە لە بەر چاوگرتنی ئەم رەوتی روو لە گەشەیەی کە ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەت لەم دوو دەیەی رابردوودا وەدەستی هێناوە هیچ زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر بڵێین بووەتە یەکێك لە بنەما و کۆڵەکە سەرەکییەکانی دێمۆکراسی خوازی و بەرگری کردن لە بەرابەری خوازی. ئەمڕۆکە 8ی مارس بووەتە یەکێك لە مەیدانەکانی هاوپشتی ژنان و، لە سەرانسەری جیهاندا گەلێك رێوڕەسمی شکۆدار بۆ رێزگرتن لەم رۆژە بەڕێوە دەچێ. بەڵام دەبینین کە لە لایەکەوە ماف و داخوازییەکانی ژنان زیاتر لە جاران شان بە شانی هەموو جووڵانەوە پێشکەوتنخواز و بەرابەریخوازەکان بەرەوپێش دەچێ و لە لایەکی‌ترەوە لە گەڵ تەگەرە و دژایەتی روو لە زیادبوون و ئاشکرای رەوتە کۆنەپەرەست و سەرکوتگەرەکان بەرەورووو دەبێ و، ترسی خستۆتە دڵی لایەنگران و پارێزەرانی سوننەت و داب‌ونەریتی کۆنەپەرەستانەوە. هەموو ئەم راستییانە نیشانەی گەشەی زۆری ئەم بزاڤە و هەڵپێکانی توندوتۆڵی لەگەڵ بیری ئازاد و ئازادیخوازییە و، بەم جۆرەش بەستێنی خەبات و ململانێی ئەمڕۆکە لە پێناو دادپەروەری و مرۆڤایەتیدا، جێگا و شوێنێکی تاقانەی دەستەبەر کردووە و، ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەت لە وڵاتانی ژێر چەپۆکەدا یەکێك لە بناغەکانی مۆدێرنیزمە.

خەباتی ژنانی کرێکار و مووچەخۆر بۆ دەستەبەرکردنی هەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، هەوڵ وتێکۆشانی جەماوەری ژنان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی هەموو قانوون و یاساکانی پیاوەزنی و نەهێشتنی کۆسپ و بەربەستەکانی سەر رێگای ژنان بۆ چوونە سەرکار و وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی، خەبات بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی رەگەزی و پێکهێنانی رێکخراوەکانی سەربەخۆی ژنان، سازمان و بەرپاکردنی گەلێك سمینار و کۆنفرانسی جیهانی بۆ هێنانەگۆڕ و باسکردنی کێشە و گیروگرفتی ژنان و، بە گشتی جێگیربوونی هەموو ئەم خەبات و

تێکۆشانە و ڕێکخستن و یەکدەست کردنی داخوازییەکانی ژنان لە ئاستی جیهانیدا, بەڵێ, هەموو ئەمانە تێگەیشتن و تین و تەوژمێکی تایبەتی بەم جووڵانەوەیە بەخشیوە و نەك هەر لە لایەن خودی ژنانەوە, بەڵکوو هەر ئێستا لە لایەن هەموو جووڵانەوە و دامەزراوە و کۆڕوکۆمەڵێکی دێمۆکراتیك و ئەمڕۆیی و ئازادیخوازەوە پشتیوانی لێدەکرێ.

بێ‌هۆ نییە کە ژنان و داخوازییەکانیان, ئامانجی یەکەمین هێرشی دەوڵەت و ڕێکخراوە سەرکوتگەر و کۆنەپەرەستەکانن, ژنانی خەباتکار و رووناکبیر دەکەونە بەر دڕندانەترین و بێبەزییانەترین تیرۆریزمی ئیسلامی, "ئەنجومەنی حوکم" لە عێراق یەکێك لە یەکەمین پەسندکراوەکانی خۆی لە دژی ژنان دەردەکات (کە هەڵبەت ناچار بوو لە ژێر زەخت و گوشاری خەبات و نارەزایەتی بەرینی ژنان و رەوتە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقیدا ئەم پەسندکراوەیە هەڵوەشێنێتەوە) و یان لە ئەفغانستان و لە ئێران بە شێوەی رەسمی و قانوونی لە لایەن حکوومەتەوە یاسای دژی ژن بەڕێوە دەچێ. ئەمانەش لە جێی خۆیدا ئاسەوارەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی ژنان نیشان دەدەن و, دەیسەلمێنن کە ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی جیانەکراوەی خەبات بۆ دادپەروەری و ئازادیخوازییە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا, ژنان زۆرترین ئازار و چەوسانەوە و زوڵم و زۆریان چێشتووە, دەستەویەخەی دژوارترین قۆناغی مێژوویی و قانوون و یاسای دژی ژن بوون. ئەم رژیمە هەوڵیدا هەتا ساڵڕۆژی لە دایك بوونی "فاتیمە" بکاتە رۆژی جیهانی ژن و, تەنانەت لە کۆڕوکۆبوونەوەی بچوکیشدا پێشی بە ڕێوڕەسمی 8ی مارس دەگرت, بەڵام ئەمڕۆکە ژنانی ئێران لە سایەی خۆڕاگری و بەربەرەکانێدا, لە مەیدانی شارەکان بۆ ڕێزگرتن لە رۆژی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژن دەنگ هەڵدەبڕن.

ئێستا ئیتر بۆ هەمووان دەرکەوتووە کە بزووتنەوەی ژنان تێك شکان و پاشەکشێیەکی جییددی بە سەر دەسەڵاتدارانی ئیسلامیدا سەپاندووە و, بووەتە هێزێکی کاریگەر لە دژی رژیم. سەرەڕای دژایەتی و کۆسپ و تەگەرە سازکردنی دەسەڵاتدارانی دژی ژن لە ئێران, دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی ژنان لە ئێران و لە هێندێك لە شارەکانی کوردستان پێکهاتوون و زۆر بوێرانە چوونەتە مەیدانی بەربەرەکانێی قانوون و یاسای کۆنەپەرەستانەی دژی ژنەوە.

دیتمان کە چۆن ژنان لە شارەکانی کوردستان و ئێران هەڵسووڕاوی ماندوویی نەناسی تەحریمی هەڵبژاردن بون و, حوزووری جیددی و بوونی خۆیان لە بەستێنی سیاسی ئێراندا سەلماند. ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستانی عێراق, ئەو ڕێکخراوە خەباتگێڕ و ئازادیخوازانەن کە زۆر بوێرانە بەرامبەر بە سوننەت و داب‌ونەریتی دواکەوتووانە وەستاونەتەوە و زۆر چاونەترسانە دەچنە

بەربەرەکانێیان و هەر ئێستا چەکەرەی هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە و دامەزراوەکانی ژنان لە کوردستانی ئێران خۆی گرتووە و لە سەر هاوچارەنووسی ژنان و خەباتیان پێداگری دەکەن.

هەموو ئەم ڕاستییانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە لە ئێران و لە کوردستانیش, لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ژنان بوونەتە هێزی پێکهێنەری ئاڵوگۆڕ و لایەنگری سێکولاریزم و ئازادی, ئەمە دیاردەیەکی هیوابەخشە, بۆیە پێویستە کە ئەمساڵ لە ڕۆژی 8ی مارس, ڕۆژی جیهانی ژن دا لە سەر هاوچارەنووسی ژنانی ئێران و کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی جیهانی ژن, پێداگری بکەین و ئیمکانات و بناغەی ڕێکخراوەکانی ئێستای ژنان قایمتر و بەرینتر بکەین هەتا ئەم بزووتنەوەیە بتوانێ لە مەیدانی بەربەرکانێکانی داهاتوودا سەرکەوێ و ئامرازەکانی پێشڕەوی دابین بکات.

کۆمەڵە لە کوردستان, وەك ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی چەپ و سۆسیالیست, نەك هەر لایەنگری ماف و بزووتنەوەی ژنانە, بەڵکوو یەکەمین حیزبیشە کە بە شێوەی بەرین ژنانی چەکدار کرد و لە دژی سوننەت و داب‌ونەریتی دواکەوتووانە و پیاوەمزنانە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەستی دایە خەبات. لە بارودۆخی ئێستاش دا کە ئەم سوننەت و داب‌ونەریتانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕەچاو دەکرێن و بەهێز دەکرێن و, هێشتاش ژنانی کوردستان ڕۆژانە دەبنە قوربانی کەلتوور و داب‌ونەریتی پیاوەمەزنی, کۆمەڵە خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری و بەرابەری بە بەشێکی جیانەکراوە لە ئامانجەکانی خۆی دەزانێ. ئێمە لە بزووتنەوەی ژنان و پشتیوانی کردنیان لە کۆمەڵە, تین‌وتەوژممان وەرگرتووە و بەهێز بووین. هەر بۆیە لە 8ی مارسی ئەمساڵدا جارێکی‌تر لە سەر ئەوە پێدادەگرین کە کۆمەڵە لە ماف و داخوازییەکانی ژنان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و دامەزراندنی ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان پشتیوانی دەکا و, وەك هەمیشە ئاڵاهەڵگری خەبات لە دژی پیاوەمەزنی و داب‌ونەریت و سوننەتی کۆنەپەرەستانە دەبێ.

شکۆدار بێ 8ی مارس, ڕۆژی جیهانی هاوپشتی ژنان

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
5ی مارسی 2004_ ڕێکەوتی 14ی ڕەشەمەی 1382

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**